**وەرزەکانی قەدەر ... نامۆ**

قەسیدەی دووانزەهەم
دەمامکی ڕووت فڕێ دە
با حەقیقەتت ببینم
ڕۆژانێ بوو... بێ دەنگی تۆ
خەو نەئەچووە چاوانم
بێ دەنگی تۆ
خەم وئازار... ئەبوونەوە بە میوانم
بەڵێ خانم ڕۆژانێ بوو تێ پەڕی وڕۆی
ئاوابوو خۆری درۆی تۆ
کوژایەوە مۆمی تەفرە
ئەمێستاکە، بۆت ناسووتێم وەك و جاران
گوێ هەڵناخەم بۆ درۆی تۆ
چاوەڕوان نیم بۆ زەنگی تۆ
گرنگ نیت لام.... .
ئەتوانم بەبێ تۆ بژیم
لە یادما ئەتسڕمەوە
تەنانەت ئەوەش ناهێنیت، لە بیرما هەڵت بگرم
لە بیر خۆمت ئەبەمەوە
گرنگ نیت بۆم
بمریت بژیت....
پێ بکەنیت یاخود بگریت
دڵخۆش بیت یاخود خەمباربیت
هەرهەموویان ئێستاکە بۆ من وەك یەکن
وەختێ بێ ماڵ ئاوایی ڕۆیشتی
عیشقی ساوامت سەر بڕی بەبێ تاوان
یەکەمین کۆلەکەی عیشقت
بەدەستەکانت تێك شکان
پەرستگای ئەوینمت ڕووخان
ئاخر کچێ کە ئەتزانی درۆ ئەکەیت
بۆچی وات کرد تۆم خۆش بوویت؟؟
خۆ ئەتزانی دڵی نامۆ چەند ناسکە
بەبەردی وشەیەك ئەشکێ
نەخوازەلا... بەڕۆیشتن و جێ هێشتنێ
بەس پێم بڵێ؛
من نازنم چیت پێ بڵێم!
برینێکت کردە جەستەم

قووڵتر لەمانای جێ هێشتن
هێندە ئەڵێم تا ئەو ڕۆژەی
دڵم لە لێدان ئەکەوێت
تۆ بوویتەتە ئەو ئیبلیسەی
بەر نەفرەتی من ئەکەویت
هەموو ڕۆژێ.... ....
30. 5. 2005